UN Assistance Mission for Iraq (UNAMI) نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی)

Tel.: +39 08 3123 2642, Via HQ NY: + 1917 367 3614 Ext. 2642

P.O.Box 5859, VIA NY HQ, Grand Central Station, New York, NY 10017-5859

Press Release No: UNAMI/63/2006

نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا ئەشرەف قازی

نیگەرانی بەرامبەر سزای لەسێدارەدان لە عیراقدا دەردەبڕێت

بەغداد- ٢٣ی ئەیلولی ٢٠٠٦ - نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا ئەشرەف قازی نیگەرانیی قووڵی خۆی دەربڕی لەوەی کە دەرکردنی فەرمانی لەسێدارەدان بەسەر ١٤٠ کەس و جێبەجێکردنی بەسەر زیاتر لە ٥٠ کەس لەوانە لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە لەوانەیە ببێتە مایەی کەمکردنەوەی هەوڵەکانی دەستبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە وڵاتدا. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم دواییە لەسێدارەدانی دە کەسی راگەیاند دوای لابردنی رێگرییە یاساییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان.

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبەردەوامی هانی دەوڵەتانی داوە سزای لەسێدارەدان هەڵبوەشێننەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان رەتی دەکاتەوە لە هەر بارودۆخێکدا بێت، تەنانەت لە بەرامبەر تاوانەکانی شەڕ و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و جینۆسایدیشدا. بەڕێز قازی لەکاتێکدا سەرلەنوێ هیوادەخوازێت کە حکومەتی عیراق سزای لەسێدارەدان هوەڵبوەشێنێتەوە و لەسێدارەدانی زیاتر قەدەغە بکات، هاوکات ئەوەش بەبیر دێنێتەوە کە کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ داوای لە دەوڵەتان کردووە سزای لەسێدارەدان بەیەکجاری هەڵبوەشێننەوە و جێبەجێکردنیشی رابگرن (بڕیاری ژمارە ٢٠٠٥/٥٩ لە بەرواری ٢٠ی نیسانی ٢٠٠٥دا).

نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی حکومەتی عیراق لە هەوڵەکانیدا بۆ چەسپاندنی کلتوری بونیاتنراو لەسەر بەرقەراربوونی یاسا و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ. لەم روانگەیەشەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان هانی حکومەتی عیراق دەدات هەموو سزاکانی لەسێدارەدان سوك بکات و پاراستن و پتەوکردنی مافی ژیانیش بکاتە گەوهەری کۆششەکانی بەرەو بەدیهێنانی دادپەروەری.

****

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بە نوسینگەی راگەیاندنی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی 00390819173673614 یان 009647901931301 یان 009647901947409 یان بە ئیمەیلی arikat@un.org یان aljamil@un.org یان jarrar@un.org . هەروەها دەتوانن بەم ناونیشانە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەن: www.uniraq.org